ئێران بەڵێنی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی دژی ئیسرائیل دەدات

جێگری فەرماندەی گشتیی سوپای ئێران وتی: سوپا بەردەوام بەڵێنەکانی خۆی ڕاپەڕاندووە و ئەوەش با هەمووان بزانن کە ئۆپەراسیۆنی (بەڵینی ڕاستی 3) لە کاتی دیاریکراو و دۆخی گونجاودا یەکلایی دەکرێتەوە.

سەردار عەلی فەدەوی، جێگری فەرماندەی گشتیی سوپای پاسداران لە لێدوانێک لە توێژینگەی زانستە مرۆییەکانی ئیمام سادق، وتی: خەڵکی لەبارەی ئۆپەراسیۆنی بەڵێنی ڕاستی 3 لێمان دەپرسن و دەبێ بڵێین کە سوپا لە دوای دامەزراندنییەوە تا ئێستا هەموو بەڵێنەکانی ڕاپەڕاندووە.

وتیشی: ئەوەش با هەمووان بزانن کە ئۆپەراسیۆنی بەڵینی ڕاستی 3 لەکاتی دیاریکراو و دۆخی گونجاودا یەکلایی دەکرێتەوە.

بەڵێنی ڕاستی 3، ئۆپەراسیۆنێکە کە بڕیارە ئێران دژی ئیسرائیل ئەنجامی بدات، پێشتر ئێران ئۆپەراسیۆنی بەڵێنی ڕاستی 1 و 2 بە هەڵدانی چەندین مووشەکی مەودا درێژ بۆ خاکی ئیسرائیل هاوێشت.